ڕێگەیەکی سەرەکی بە چوونە ناو شاری هەولێر دادخرێت بۆ ماوەی نۆژەنکردنەوەی ڕێگاکە

بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر ڕۆژی سێشەممە (2023/8/29)، ئاگاداری هاووڵاتیان و شوفێرانی کردەوە کە ڕۆژی چواشەممە بەشێکی ڕێگەی سەرەکی هەولێر - موسڵ دادەخرێت.

بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەولێر لە ئاگادارییەکدا ڕایگەیاند، "سەرجەم هاووڵاتیان و شوفێران ئاگادار دەکرێنەوە کەوا سبەی چوارشەممە ڕێکەوتی (2023/8/30) ڕێگەی سەرەکی هەولێر - خەبات ڕێگەی هاتن بۆ ناو شار لە کانی قژاڵەوە تاکو عەلوی هەولێر دادخرێت".

ئاماژەی بەوەش کرد، کە داخستنەکە بۆ ماوەیەکی کاتییە و لە کاتژمێر 8ـی بەیانییەوە دەست پێ دەکات بەهۆی کاری نۆژەنکردنەوە.